مەسرور بارزانی: پابەندبوونی حکومەت بە داکۆکیکردن و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران دووپات دەکاتەوە

سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پابەندبوونی حکوومەت بە داکۆکیکردن و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران دووپات دەکاتەوە.

پێنجشەممە، 1-05-2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، پەیامێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس بڵاو کردەوە.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڵاو بۆنیەوە "گەرمترین پیرۆزبایی" لە گشت کرێکارانی کوردستان، عێراق و جیهان دەکات و دەڵێت: ڕۆژ و پێزانینێکی زێرم بە ماندووبوون و ئێرک و بەشداریی کارای کرێکارانی کوردستان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

بە گوتەی مەسرور بارزانی "حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵانی ڕابردوودا، هەوڵی زۆری داوە و کاری کردووە لە پێناو باشترکردنی دۆخی ژیانی کرێکاران و پاراستنی مافەکانیان، لێم ڕوونە،

پابەندبوونی خەمان بۆ داکۆکیکردن و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران لە ڕووی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی و مافە یاساییەکان و باشترکردنی هەلومەرجەکانی کارکردنیان دووپات دەکەینەوە."